## قوتابێتی - 1

## وانەی یانزە

## نزا

رابەری گروپ: نزا بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادە کردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### ستایش و پەرستن

### خودا پشتیوانمە

فێربکە: ئایا (پەرستن) چییە؟

هەڵوێستی ملکەچی و نوشتانەوە و تەرخان کردنە بۆ خودا، ئەمانەش بەرێگای نزای جۆراوجۆر و شێوازی ژیانمان دەریدەخەین.

بۆ ئەوەی خودا بپەرستین، پێویستە بزانین خودا کێیە. لەم وانەیەدا سەبارەت بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خودا فێردەبین.

(رابەری گروپ: ئەو فێرکردنە بخوێنەوە کە دەڵێت (خودا پشتیوانمە)).

بیرۆکەی سەرەکی: خودا پشتیوانمە

1 خودا پشتیوانمە لەسەر دوژمنەکانم (وتەکان1: 29-33) ، (عیبرانییەکان13: 5-6) بخوێنە

**ئـا هەموو باوەردارێك دوژمنی هەیە.**

لەوانەیە ئەم دوژمانە کەسانێکی دیاریکراوبن کە رقیان لە باوەڕمانە بە عیسای مەسیحی خوداوەند، لەوانەشە ئەم دوژمنانە چەند روحێکی ستەمکاربن بیانەوێت باوەڕمان بە عیسای مەسیح لەناو ببەن، هەندێ جاریش ئەم دوژمنانە ئەندامانی خێزانمانن یان ئەوانەی لەدایکبوونی دووەیان بەدەست نەهێناوە لە کلێساکانمان. زۆر جاریش دوژمنی گەورەمان ئەو سروشتە خەراپەی لە ناخماندایە. بەڵام خودا پشتیوانمانە. خۆی فەرمووی ﴿لە پێشت دەڕۆم و لەجیاتیت دەجەنگم﴾ بەڵام چۆن خودا لەجیاتیمان دەجەنگێت؟

**ب) هەندێ جار خودا دوژمنەکانمان لەناو دەبات.**

(2هەواڵی رۆژان20: 12-17، 22-23) ئەو لەجیاتیمان دەجەنگێت و وامان لێدەکات هێز و سەرکەوتنی ببینین.

**پ) هەندێ جار دەبێت رووبەرووی دوژمنەکانمان ببینەوە.**

(لۆقا6: 27-28) (1پەترۆس2: 21-23) بخوێنە. هەندێ جار خودا دوژمنەکانمان لەناو نابات چونکە دەیەوێت بەکاریان بهێنێت بۆ پوختە کردنی کەسایەتیمان. بۆ ئەوەی فێربین وەڵام دانەوەی ستەم بە چاکە بدەینەوە و مامەڵەی ستەمکاران بکەین بە شێوەیەکەی شیاو کە خودا شکۆدار بکات. کاتێك وەڵامی کردەوەکانمان بەرامبەر بە دوژمنەکانمان بە شێوەیەکی رازیکار بێت لە دیدی خودا، ئەوا خودا زۆرجار وا دەکات دوژمنەکانمان ئاشتیخوازبن لەگەڵمان (پەندەکان16: 7). هەندێ جار خودا دەیەوێت لەسەر جەنگ مەشقمان پێبکات بەوەی چەکی روحیمان بداتێ کە لە جەنگ بەکاری بێنین. لە (ئەفەسۆس6: 10-17) ئەوە فێردەبین کە پێویستە چەکی تەواوی خودا لەبەربکەین و لە بەرامبەر دوژمن راوەستین.

2 خودا لە بارودۆخەکانمان پشتیوانیمان دەکات

یەکێك لەو شتە گرانانەی کە مرۆڤ بیری لێبکاتەوە ئەوەیە کە لە بیابان بڕوات و بژیت، بە رۆژ زۆر گەرم و بە شەو زۆر سارد دەبێت، هیچ سەرچاوەیەکی سروشتی ئاو و خواردن و شوێنی نوستن نییە. هەروەها ترسی هێرشی دوژمنی هەیە لە هەموو لایەکەوە. بەراستی شتێکی زۆر قورس وگرانە بۆ ماوەی 40 ساڵ بەم جۆرە بژیت. ئەمە لەگەڵ گەلی خودا روویدا لە پەیمانی کۆن، سەرەڕای ئەوە خودا گەلەکەی هەڵگرت (هەروەك چۆن باوك کوڕەکەی هەڵدەگرێت) بەدرێژایی رێگا هەتاوەکو گەیشتنە شوێنی مەبەست. بەم شێوەیە، زۆر جار خودا بارودۆخە

قورسەکان لە ریمان لانادات، بەلام لە هەمان کاتدا بەجێمان ناهێلێت بەتەنیا رووبەرووی ئەم بارودۆخە بینەوە. خودا رێ دەدات بە بارودۆخە قورسەکان تێپەڕین بۆ ئەوی فێر نەبین پشت ببەستین بە تواناو و سەربەخۆی و لووتبەرزیمان، چونکە خودا بە خۆی هەڵمان دەگرێت و یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە قورسە تێپەڕین. لەو کاتەی کە هەڵمان دەگرێت مەشقمان پێدەکات لەسەر پشت بەستن، دانایی، هێزی، دڵسۆزی، پشتیوانی بە خۆی.

**3** خودا لە گەشتی ژیان پشتیوانیمان دەکات

لە کارە هەرە قورسەکان ئەوەیە گەشت بکەیت بۆ لایەکی نەناسراو لە زەویەکی نەزانراو. گەشتی ژیانمان گەشتێکی هاوشێوەی ئەوەیە. ئێمە پێشتر ئەم گەشتەمان نەکردوە، لەگەڵ ئەوەی بە باوەڕ دەزانین کە بۆ کوێمان دەبات، بەلام ئێمە ئەوە بە ئەزموونی خۆمان نازانین. چونکە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە وێستگەی کۆتایی. بەم شێوەیە دەرچوونمان بۆ گەشتی ژیان بەبێ خودا لە کەشتیەك دەچێت بەبێ قیبلەنما وبێ سوکانی کەشتی. ئەوکات گەشتی ژیانمان بەبێ ئامانج و لە دەرەوەی کۆنترۆڵ دەبێت، چونکە بە بێ خودا لەتواناماندا نابێت بزانین کە دەبێت بە کام لاوە بڕۆین، لە کۆتاییدا ون دەبین. بەبێ خودا متمانەی پێویستمان نابێت بۆ بەردەوام بوون لە رۆیشتن. هەروەها بەبێ خودا نازانین کەی و لە کوێ بحەسێینەوە.

بەلام خودا لە پێشمان دەڕوات بۆ ئەوەی ئەو رێیەمان پێشان بدات کە پێویستە پێیدا بڕۆین، بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەمان پیشاندات کە دەتوانین تێیدا بحەسێینەوە، خودا پێشتر رێگاکەمان پیشان نادات چونکە دەیەوێت متمانە بە خۆی و بە رێبەری بکەین. دەستمان بخەینە دەستی بۆ ئەوەی قۆناغ بە قۆناغ رێبەریمان بکات. بۆیە ئەو قۆناغ بە قۆناغ رێگاکەمان پیشان دەدات (زەبووری119: 105).

رابەری گروپ: خودا بە سیفەتی پیشتیواندەر بپەرستن. لە گرووپی بچووك بیپەرستن کە هەریەکیان پێکدێت لە سێ کەس.

## بەشداری کردن
### ئینجیلی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی روحی قوتابیان) ئەوەی فێری بوونە لە یەکێ لە خەڵوەتەکان و رامانتان لەو برگە کتێبییانەی بۆتان دەستنیشان کراوە (یۆحەنا7: 53 - 11: 37) لەگەڵ رەچاو کردنی ئەوەی بەشداریەکان کورت بێت.
گوێ بگرن لەو کەسەی بەشداری دەکات، بە راستی مامەڵە لەگەڵ قسەکانی بکەن و قبوولی بکەن و کێبڕکێی ئەو شتانە مەکەن کە بەشداری دەکات.

## فێرکردن
### هاوەڵی: بەرپرسیارێتیمان بەرامبەر یەکتری

### ئـ ) گرنگی هاوەڵی مەسیحی؟

**بخوێنە:** (یۆحەنا13: 34-35).

**بدۆزە و گفتووگۆبکە:** گرنگی و سروشتی هاوەڵی مەسیحی چییە؟

**تێبینییەکان:** هاوەڵی مەسیحی بە شێوەیەکی سەرەکی واتا (یەکترمان خۆشبوێت وەك چۆن عیسای مەسیح ئێمەی خۆشویست).

سەرنجی خالانەی خوارەوە بدە:

ئـ) هاوەڵی مەسیحی راسپاردەیە نەك هەڵبژاردە.

ب) هاوەڵی مەسیحی سیفەتێکی نایابە. خۆشەویستیمان بۆ یەکتری گرنگترین سیفەتە کە باوەڕداران لەوانیتر جیا دەکاتەوە، هەروەها خۆشەویستی خەڵکی بۆ مەسیح رادەکێشێت و شکۆداری دەکات.

پ) هاوەڵی مەسیحی بەستراوەتەوە بە بەرپرسیاریمان بەرامبەر بە یەکتر. بە گوێرەی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز، هەریەك لە ئێمە بەرپرسیاریەتی زۆری هەیە بەرامبەر بە یەکتر کە دەبێت ئەنجامی بدەین.

## روخسارەكانی هاوەڵی مەسیحی (ب

2 هاوەڵی مەسیحی جیاوازە بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ خودا و گەلی خودا

**بخوێنە:** (1كۆرینسۆس1: 9 ، 12: 12-13 ، 25) (ئەفەسۆس2: 18 ، 3: 12) (عیبرانییەكان4: 15-16) (یۆحەنا1: 3).

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** ئەو كەسانە كێن كە باوەڕداران شاد دەبن لە پەیوەندی نزیك لەگەڵیان؟

**تێبینییەكان:** باوەڕداران شاد دەبن لە پەیوەندی نزیك لەگەڵ خودا (سێ ئەقنوم) باوك و كوڕ و روحی پیرۆز. لەگەڵ ئەو باوەڕدارانەی كە لەشی مەسیح پێكدێنن. لەبەر ئەوەی باوەڕدار ئەندامێكە لە لەشی مەسیح، بۆیە ناتوانێت لە عیسای مەسیحی خوداوەند جیابێتەوە كە سەریەتی، هەروەها لە كڵێسای مەسیح جیانابێتەوە كە لەشیەتی.

3 هاوەڵی مەسیحی جیاوازە بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ گرووپەكە

**بخوێنە:** (كردار2: 42 ، 5: 42) (ئەفەسۆس5: 19).

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** باوەڕداران چی دەكەن لە كاتی هاوەڵی؟

**تێبینییەكان:** باوەڕداران لەكاتی رێك وپێك لە گرووپی بچووك یاخود گەورە كۆدەبنەوە. لەم كۆبوونەوانە باوەڕداران گوێ دەگرن لە ئامۆژگارییەكانی كتێبی پیرۆز هەروەها كتێبی پیرۆز دەخوێنن و گۆرانی روحی دەڵێن، و نزا دەكەن و بەیەكەوە خواردن دەخۆن.

4 هاوەڵی مەسیحی جیاوازە بە بوونی پەیوەندی بەرپرسیار

**فێربكە:** باشترین رێگا بۆ تێگەیشتنی هاوەڵی مەسیحی، خوێندنی بەرپرسیارێتیمانە بەرامبەر بە یەكتر لە كتێبی پیرۆز. ئێمەی برگەی (یەكتری) دەخوێنینەوە لە زۆربەی ئایەتە كتێبییەكان بۆ نموونە ﴿*یەكتریتان خۆشبوێ*﴾ ﴿*یەكتری فێر بكەن*﴾ ﴿*خزمەتی یەكتری بكەن*﴾ هتد... ئەم كارانە بەرپرسیارێتیمانە بەرامبەر بە یەكتری و هەموو باوەڕدارانی جیهان.

بەڵام مەترسیەكی گەورە هەیە لەوەی ئەم بەرپرسیاریە گۆڕاوانە بگۆڕین بۆ یاسایكی مەسیحی كە قورسبێت لەسەرمان پابەندی بین. هیچ باوەڕدارێك نییە هەستێت بە ئەنجامدانی ئەم هەموو بەرپرسیاریە لەهەمان كاتدا یاخود هەتاوەكو لە هەموو كاتێكدا. بۆیە خودا چاوەڕێی ئەوەت لێدەكات هەستیت بە ئەنجامدانی ئەم بەرپرسیاریانە ئەوەندەی دەگونجێت لەگەڵ ئاستی پێگەیشتنی روحیت، ئەوەندەی دەگونجێت لەگەڵ ئەو بەهرە و توانایانەی كە خودا پێتی بەخشیووە.

**پێشنیار:** یەكێك لەم بەرپرسیاریانە هەڵبژێرە و بۆ ماوەی چەند مانگێك ئەنجامی بدە.

## پ ) بەرپرسیاریەتییە زۆرەكانمان بەرامبەر بە یەكتر لە هاوەڵی مەسیحی

**بدۆزە و گفتووگۆبكە:** بەرپرسیاریەتی باوەڕداران چییە بەرامبەر بە یەكتر؟

هەندێ لەوە جێبەجێكردنە كرداریە شیاوانە چییە بۆ ئەم بەرپرسیاریەتییە؟

1 بەرپرسیاریەتی سەرەكی

**بخوێنە:** (یۆحەنا13: 34-35) (1سالۆنیكی3: 13) (1كۆرینسۆس13: 4-7).

**تێبینییەكان:** بەرپرسیاریەتییە سەرەكیەكان ئەوەیە (یەكترمان خۆشبوێت وەك چۆن مەسیح ئێمەی خۆشویست). چونكە ئەمە تاكە پێوەرە بۆ هاوەڵی مەسیحی! جێبەجێكردنە شیاوەكان: (خۆشت بوێت) واتا ئارامگر و بەسۆز بیت بەرامبەر كەسێكیتر كاتێك گوناهێك دەكات، كەسێكیترت خۆشبوێت كە لە كۆمەڵگا فرێدراو بێت، یان بێتوانا دەبێت لە بەڕێوەبردنی كاروباری خۆی، یان كاتێك وەكو دوژمنێك هەڵسووكەوتت لەگەڵ دەكات. هەروەها خۆشەویستی واتا دەسپێشخەر بیت لە كارێكی چاك بۆ كەسێكیتر ئەگەر هیچ خۆشەویستیەك دەرنەبڕێت سەبارەت بە تۆ. خۆشەویستی واتا ژیانت دانێی لە پێناوی كەسێكیتر، هەروەها

خۆشەویستی واتا کەسێکیترت خۆشبوێت بەهەمان ئەو خۆشەویستیەی لە (1کۆرینسۆس13: 1-8) نووسراوە.
خودا تەنها ئامۆژگاری ئەوەی پێنەکردووین کە هاوەڵی مەسیحی ئەنجام بدەین، بەڵکو ئەو توانایەی پێبەخشیوین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە ڕێگای نشتەجێبوونی روحی پیرۆز لەناخماندا (رۆما5: 5).

## 2 هەڵوێستەکانی باوەڕدار

**ئـا) بخوێنە:** (رۆما12: 10).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتی ئەوەیە کە بە خۆشەویستی برایانە یەکتریان خۆشبوێت، لەخۆمان زیاتر ڕێز لە یەکتر بگرین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: خۆشەویستی برایانە واتا پارێزگاری بکەی لە پەیوەندیە بەهێزەکانت و هەستە ناسکەکانت و یەکێتی روحیت لەگەڵ باوەڕدارانیتر. هەروەها لەخۆت زیاتر ڕێز لە باوەڕداران بگرە، واتا سەیری وشە باشەکان و کردەوە چاکەکان بکەیت کە باوەڕدارانیتر ئەنجامی دەدەن هەروەك بڵێی هەڵقولابێت لە هاندەری بێگەرد نەوەك لە هاندەری ستەمکار (تەنانەت ئەگەر شتێك هەبێت بوونی هاندەری ستەمکار دووپات بکاتەوە). هەروەها ڕێزلێنانی خەڵکیتر واتا بە چاکە باسیان بکەین نەوەك بە خراپە.

**ب) بخوێنە:** (رۆما13: 8-10).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتی ئەوەیە کە یەکتری ئازار نەدەین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: نەك تەنها ئازار کچێك نەدەیت بە نەهێشتنی ئەنجامدانی داوێن پیسی لەگەڵی، بەڵکو پارێزگاری بکەیت لە پیرۆزی پەیوەندی هاوسەری. نەك تەنها کەس نەگوژیت، بەڵکو پێویستە یارمەتی هاوڕێکەت یان دراوسێکەت بدەیت کە لە باشترین بارودۆخدا بێت. نەك تەنها دزی نەکەیت، بەڵکو پێویستە شتومەکی هاوڕێکەت و دراوسێکەت بپارێزیت. نەك تەنها چاو نەبریتە ماڵی خەڵکی، بەڵکو دڵشاد بیت کاتێك هاوڕێکەت یان دراوسێکەت شتێکی نوێی بەدەست دێنێت.

**پ) بخوێنە:** (ئەفەسۆس4: 32).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتی ئەوەیە کە پێویستە لەگەڵ یەکتری نیان بین و بە بەزەیی بین بەرامبەر یەکتر و گەردنی یەکتری ئازاد بکەن.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: واتای (نیان) بیت ئەوەیە کە پێویستە نەرمونیان بیت لەجیاتی ئەوەی ڕەخنەگر و بزێو بیت. هەروەها مەبەست لە نیانی ئەوەیە بە دوای ڕێگایەك بگەڕێیت کە یارمەتی خەڵکی پێ بدەیت و پێداویستیەکانیان پێ دابین بکەیت. هەروەها بە بەزەیی بیت بەرامبەر بە خەڵکی. هەروەها پێویستە لەدڵت گینە بەرامبەر هیچ کەسێك هەڵنەگری کە خراپەی لەگەڵدا کردووی، بەڵکو پێویستە نزای بۆ بکەیت.

**ت) بخوێنە:** (کۆلۆسی3: 13).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتی ئەوەیە یەکمان بەرگەی ئەویتر بگرێت و هەر خراپەیەك لە یەکتر ببورین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: ببوریت وەك ئەوەی خودا لێی بووریت. حەوت جار حەفتا جار ببوریت ( واتا بەبێ وەستان). لە دڵتەوە لە کەسیتر ببوریت. ئەوەی لە کەسانیتر نابورێت بەخشندەیی خودا بەدەست نایەنێت.

**ج) بخوێنە:** (ئەفەسۆس4: 32).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیتر کە پەیوەندی بە هەڵوێستەکان هەیە.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: (رۆما15: 1-7) پێشوازی لە یەکتری بکەن. (رۆما16: 16) بە ماچێکی پیرۆز سڵاو لە یەکتر بکەین. (گەلاتیا5: 26) لەخۆبایی نەبین و لەگەڵ یەکتری چاوپیس نەبین. (ئەفەسۆس4: 2) بەرگەی یەکتری بگرین. (ئەفەسۆس5: 21) ملکەچی یەکتری بین. (1سالۆنیکی5: 13) بە ئاشتی لەگەڵ یەکتری بژین. (1پەترۆس5: 5-6) روحسووکی لەبەربکەین بۆ یەکتری.

3 قسەی باوەڕدار

**ئـ) بخوێنە:** (ڕۆما14: 13). **تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لە تاوانبار نەکردنی یەکتری.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: پێویستە کەسی لاواز وازبهێنێت لە تاوانبارکردنی کەسی بەهێز، هەروەها بەهێز وازبهێنێت لە گەڕان بە دوای هەڵەکانی کەسی لاواز. نابێت باوەڕداران یەکتر ناچار بکەن بۆ ئەنجامدانی باوەڕەکانیان بە هەمان ئەو ڕێگایەی ئەوان ئەنجامی دەدەن. بۆ نموونە پێویستە ڕێز بگرن لە هەمەجۆری بیروراکان بەوەی پەیوەندی هەیە بە جۆرەکانی ئەو خواردنەی دەتوانن بیخۆن یاخود بەو ڕۆژانەی کە دەتوانن بە ڕۆژێکی تایبەتی هەژماری بکەن و هتد... لەجیاتی ئەوە پێویستە هەر گرووپێك یارمەتی گرووپەکەیتر بدات بۆ ئەوەی ببێتە شایەتێکی بەهێزتر بۆ عیسای مەسیح.

**ب) بخوێنە:** (کۆلۆسی3: 9). **تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لەوتنی ڕاستی کە لەگەڵ یەکتری واتە درۆ نەکەین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: پێویستە بەشێوەیێك ڕاستی بڵێیت بەرامبەرەکەت بنیاد بنێیت.

**پ) بخوێنە:** (کۆلۆسی3: 16). **تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لە فێرکردنی یەکتری و ئاگادارکردنەوەی یەکتری.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: فێرکردن تەنها ئەرکی قەشە و ڕابەری گروپەکان نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو باوەڕدارانە! پێویستە لەسەر باوەڕداران یەکتری فێر بکەن، بۆ نموونە، دەتوانین بە بەشداربوونی خەڵوەتی ڕوحییان یەکتر فێر بکەن. هەروەها لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز پێکەوە. هەروەها لە ڕێگای شایەتی دان بە کاری عیسای مەسیحی خوداوەند. هەروەها لەڕێگای فێرکردن و ئاگادارکردن. واتای (ئاگادار کردن) ئەوەیە کە یەکتری ئاگادار بکەین سەبارەت بە هەڵەکانمان. پێویستە فێرکردنەکانی خودا و ڕاسپاردەکانی کە لە کتێبی پیرۆز نووسراوە، لە مێشك و دڵی یەکتری نەخشەی بۆ ڕاکێشین. (وتەکان6: 6-7).

**ت) بخوێنە:** (عیبرانییەکان10: 24-25).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لە هاندانی یەکتری لەسەر خۆشەویستی و کاری چاکە. هەروەها یەکتر هان بدەین بۆ ئەوەی بەیەکەوە کۆ ببینەوە.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: یەکتر هان بدەین لەسەر خۆشەویستی و کاری چاکە، واتا یەکتری هان بدەین بۆ ئەو پەیوەندیانەی بونیاتنراوە لەسەر خۆشەویستی و ئەنجامدانی ئەو کارانەی سوودی ئەوانیتری هەیە. (هاندان) واتا یەکتر هان بدەین بۆ بەشداریکردن لەکەمی یەك کۆبوونەوەی ڕێك و پێك کە باوەڕداران تیایدا ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بۆ خۆشەویستی و کردەوەی چاکە.

ج) بەرپرسیارێتیتر پەیوەندی بە قسەکردنەوە هەیە.

(ڕۆما15: 14) ئامۆژگاری یەکتر بکەین. (1کۆرینسۆس1: 10) یەك بگرین لە بیروڕای. (ئەفەسۆس5: 19) لەگەڵ یەکتر بە ستایش و سروودی ڕوحی قسە بکەین. (1سالۆنیکی5: 1) یەکتری هان بدەین و دڵنەوایی یەکتر بکەین و یەکتر بونیات بنێین. (عیبرانییەکان 3: 12-13) یەکتری هان بدەین. (یاقوب4: 11) بە خراپە باسی یەکتری نەکەین. (یاقوب5: 9) سکاڵا یەکتری نەکەین. (یاقوب5: 16) دان بە کەم و کوڕی خۆمان بنێین بەرامبەر بە یەکتر، بۆ یەکتر نزا بکەین.

4 هەڵسووکەوتی باوەڕدار

**ئـ) بخوێنە:** (1کۆرینسۆس12: 25). **تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لە بایەخ دان بە یەکتری.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: ئەو توانایانەی خودا پێتی بەخشیوە و ئەو وچانەی بۆتی ڕەخساندووە بەکاری بێنی بۆ خزمەتی باوەڕدارانیتر کە پێویستیان بە یارمەتی تۆیە. لەلایەکی دیکەوە پشتیوانی کەسە لاوازەکان بکە و مەشق بە بەهێزەکان بکە. هیچ لایەنگرتنێك دەرنەخەیت بەرامبەر هیچ کۆمەڵەیەك لە خەڵك.

**ب) بخوێنە:** (گەلاتیا6: 2 ، 5). **تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتیمان لە هەڵگرتنی باری یەکتری. بەبێ ئەوەی خۆمان خەمبار بین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: باوەڕداران بەرپرسیارن لە بەگەڕخستنی هەموو ڕەنجێکی شیاو بۆ هەڵگرتنی باری باوەڕدارانیتر (وەك یارمەتی دانیان، وەستان لەگەڵیان لە ناخۆشی و تەنگانەدا) بەڵام بەرپرسیار نین لە هەڵگرتنی ئەو خەمانەیان کە هەڵقولاوە لە

بەرپرسیاریەتیان و بیر و هەڵوێست و بیروباوەڕ و پێداویستی و ئەزموون و بنەما و بەهرە و هەڵسووکەوتەکانیان.

**پ) بخوێنە:** (1پەترۆس4: 9).

**تێبینییەکان:** بەرپرسیارێتی ئەوەیە کە بە بێ بۆڵەبۆڵ پێشوازی لە یەکتری بکەین.

جێبەجێکردنە شیاوەکان: یارمەتی خزمەتکارانی مەسیح بدەیت کە لە جێگای دوورەوە هاتوون، بە دابین کردنی شوێنی حەسانەوە و خواردن، یان یارمەتی خوشك و برا هەژارەکانی گەڕەکەکەت بدەیت.

**ج) بەرپرسیارێتیتر** کە پەیوەندی بە هەڵسووکەوت هەیە.
(یۆحەنا13: 14) پێی یەکتری بشۆین. (یۆحەنا15: 12) یەکترمان خۆش بوێت. (گەلاتیا5: 13) بەخۆشەویستی خزمەتی یەکتری بکەین. (1پەترۆس4: 10-11) بەهرە و تواناکانمان بخەینە کار بۆ خزمەتکردنی یەکتری. (1یۆحەنا1: 7) هاوەڵیمان لەگەڵ یەکتری هەبێت).

پوختە: هاوەڵی مەسیحی واتا هەر یەکێك بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەویتر ئەنجام بدات سەبارەت بە هەڵوێستی دڵ و وشەی زار و کردەوە و هەڵسووکەوتەکان.

### ت) مەشقی کرداری

1. **ئامانجەکانت دەستنیشان بکە.** (وەك گروپ یان وەك کلێسا) بەرپرسیارەتییەك دەستنیشان بکە، پاشان بۆ ماوەی چەند مانگێك بەرامبەر یەکتری ئەنجامی بدەن.
2. **بەشداری بکەن لە شانۆگەریەك.** گرووپی بچووك پێك بێنن کە هەر یەکی لە دوو کەس یان چوار کەس پێکبێت، بە شێوەیەك هەر گرووپێك هەستێت بە ئامادەکردنی شانۆگەریەکی بچووك (نزیکەی دوو خولەك) سەبارەت بە یەکێك لە بەرپرسیاریەتیەکانمان بەرامبەر بە یەکتری. هەستن بە پیشاندانی ئەم شانۆگەریانە لە پێش ئەندامانیتر.

**نزا**

بە نۆرە وەکو گروپ نزا بەرز بکەنەوە بۆ خودا، وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە. یاخود گرووپەکە دابەش بکە گرووپی دووانی یاخود سیانی و نزاکانتان بەرز بکەنەوە بۆ خودا وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوەی ئەمڕۆ فێری بوونە.

## ئەرکی ماڵی

## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە بەرپرسیارەکانت ئەنجام بدەیت بەرامبەر کەسانیتر.

**خەڵوەتی ڕوحی:** بەردەوام بە لەسەر خەڵوەتی ڕوحی بە خوێندنەوەی نیو بەش ڕۆژانە لە (یۆحەنا11: 38 – 14: 31). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز:** تکایە وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵ (یۆحەنا15: 1-17). چۆن بەرهەمداربم؟ پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە. تێبینییەکانت بنووسە.

**نزا:** بۆ کەسێکی دیاریکراو یاخود بۆ شتێکی دیاریکراو نزا بەرز بکەرەوە و بزانە خودا چی دەکات (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە.** تێبینییەکانت سەبارەت بە (خەڵوەتی ڕوحی، دەرخ کردن، وانەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز) لە پەڕاوی تایبەتی بنووسە. هەروەها ئەم ئەرکە ماڵییە.